## چاوەڕوانی**

خۆم دا بە دەم،
شەپۆلی ئەو ڕووبارەوە
کە تۆی خنکان!
بەو هیوایەی... .
بمداتە لاو ،
بمخاتە نێو باوەشتەوە
وەکو درەختێکی پاییز،
خۆم دا بەدەم تەوژمی ئەو ڕەشەباوە
گوڵی تەمەنتی هەڵوەران
بەڵکو بەسەر گۆڕەکەتدا بمووەرێنێ و ،
بمنوسێنێ بە درەختی لاشەتەوە!
نزام بۆ ئەو (هەنگاو)ەم برد
تۆ جێت هێشتم...
بیری چووبوو هەنگاو بنێ!
بەو ئومێدەی... .
چاوم بە کلی دیدارت ڕەش بکات و ،
سۆماکانم گەشکاتەوە...
هەنگاوەکانم هێنامی !
ئێستا لە سەر مەزارەکەتدا وەستاوم
تەنیا جارێک بانگم بکەو
نیگایەک بگرە دوو چاوم
هەناسەکەم
هێندەی دووری هەردوو چاوم، لەیەکتری
لە تۆ دوورم
کەچی بارستاییەک گڵ،
لە یەکمان جیا ئەکاتەوە!
لە بیرتە یەک ناومان هەبوو(خۆشەویستترین خۆشەویست)
ئێستا دوو ناو (مەرگ و ژیان)
دوو پێناسە (مان و نەمان)
لە یەکمان دوور ئەخاتەوە!!
دەوەرەوە هەناسەکەم... .
پرچی ماتم ،
چاوەڕێی بای پەنجەکانتە
هێمنی بۆ بشێوێنیت!
لێوی شەقارو ووشکبووم ،
تامەزرۆی ڕەهێڵەی ماچە
تینوێتی بۆ بشکێنیت!
کەی دێیتەوە ؟!

هەتا ئێستاش ... ..
پەنجەرەکان پێوە نادەم!
دەرگاکانیشم والآیە
هەتا ئێستاش... ..یادەکانت
سورِی خوێنەو،
لە قولآیی دلَمدایە
بزەکانت... . سیمفۆنیایە
لە ژێکانی سەرمدایە
دە وەرەوە
هە
نا
سە
کە
م ............

گۆران عەلی
2004/3/5
com.goranmad@hotmail

////////////////////////////////////////////////////////////////////////////
*بۆ ئەو کیژۆلَە سویدییە نوسراوە هەتا ئێستاش هەفتانە چەپکە گولَێک دەخاتە سەر گۆڕی (سۆران)ی خۆشەویست و دلَخوازی.
* بە مەبەستی شیعری گۆرانی نوسراوە.